# جلبێرتۆ سیلڤا: هەموو هەوڵ دەدەن بۆ ئـ



ئەم یاریزانە خۆی نەدا دەستی گلەیی و گازاندەکانی راگەیاندن و چاودێرانی وەرزشی، سەرەڕای ئەوەی ئەرشیفێکی پڕ لە سەروەری و ئەنجامی باشی هەیە، لەوانە لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل نازناوی مۆندیالی ٢٠٠٢ی بە دەستهێنا و لەگەڵ ئەرسناڵیش قەڵغانی خولی یانەکانی ئینگلتەرەی وەرگرت و دواتر ساڵی ٢٠٠٩ جامی کۆپا ئەمریکا و نازناوی جامی کیشوەرەکانی بردەوە و سلیڤای تەمەن ٣٣ ساڵ بە گیانێکی جەنگاوەری بەرز لە گۆڕەپانی یاریگا بە دیار دەکەوێ، ئەمەو جەماوەری وەرزشی سیلیساو ئاواتیان ئەوەیە کە ئەم یاریزانە هاوکاری برادەرەکانی بکات بۆ بە دەستهێنانی نازناوی شەشەم لە مۆندیال، بۆ ئەم مەبەستە ماڵپەڕی فیفا ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازکرد.

*** سەرەتا چاودێرانی دڵنیابوون لە بەشداریکردنت لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیالی داهاتوو، بەڵام لەم دواییەدا گلەیی و گازاندەیەکی زۆرت لێکرا، دەکرێ بزانین هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە لە لای چاودێران چۆن بوو لەسەر ئاستت؟**

- کە یارییەکی ئاسان ئەنجام دەدەم و ئەمەش جار جار جەماوەر ئەم شێوە یارییەیان پێ خۆش نییە، گومان لەو شتانە ناکەم و گرنگی بەم قسانەش نادەم کە هەندێکەس دەیکەن و خۆشیان ناتوانن هیچ پێشکەش بکەن، ئەو کاتەی گلەییەکی زۆرم لێدەکرێ، سەرەتای خۆم بیر دێتەوە کە پێوەندیم بە هەڵبژاردەی بەرازیل کرد، ئەم قسانە بۆم سوودی هەیە و هەموو توانایەکم دەخەمە خزمەتی هەڵبژاردەی سیلیساو، زۆر بێزار دەبم کە گلییەکان لە ناو وڵاتی خۆمە، کەچی لە دەرەوە بە بەردەوامی دەستخۆشیم لێدەکەن.

*** بە دەستهێنانی جامی کیشوەرەکانی ٢٠٠٩ ی ئەوانەی گومانیان لە ئاستی تۆ هەبوو بێدەنگی کردن، تۆ چی دەڵێت؟**

- بەڵێ، بە دەستهێنانی جامی کێشوەرەکانی بۆ من گرنگییەکی یەکجار زۆری هەبوو، زۆر کەس دەیپرسی بوونم چییە لە هەڵبژاردەی بەرازیل، چونکە لە ئەرسناڵ زۆر یارییم نەکرد و کەس ئەم نهێنییەی نەدەزانی و لە یانەی خۆم لەسەر کورسی یەدەگ بووم و مامەڵەم لەسەرخۆ بوو بەرامبەر ئەوانەی کە گلەیان لەمن هەبوو، بۆیە توانیم ئەم بەربەستانە ببڕم و ئاستێکی بەرز لە باشووری ئەفریقیا نیشان بدەم.

*** ئایا دۆنگا هیچ قسەی لەگەڵ تۆ دەکرد سەبارەت بەو پاڵەپەستۆیەی لەسەرتدایە بە تایبەتی لە یانەکەت، کە پشتگوێخرابووی؟**

- مامەڵەی دۆنگا لەگەڵ ئێمە زۆر باش بوو، کراوە بوو و یاری پێنەکردم، لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی ئەرسناڵ لە بەرژەوەندیم نەبوو

و هەڕەشـەیەکی گەورە بوو لە دوا ڕۆژم، لە هەڵبژاردەی سیلیساو ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو کە بڕیارمدا ئەرسـناڵ بەجێبهێڵم و روو لە یۆنان بکەم و لەم کارەشم پەشیمان نیيم، راستە خولی یۆنانی وەکو خولەکانی دیکە ئاستی وەکو پێویست نییە، لەوانە خولی نایابی ئینگڵتەرە، بەڵام پێویستم بە یانەیەك هەبوو وەکو یاریزانێکی سەرەکی یاری بکەم، دۆنگا بە بەردەوامی لەگەڵ من کراوە بوو و دەیتوانی هەر کاتێ بیەوێ یاریزانێك لە شوێنی من بهێنێ و سوپاسی دەکەم،چونکە هاوکاری سەرەکی من بوو.

*** ئێستا وەکو یاریزانێکی سەرەکی لە پێکهاتەی سیلیساو یاری دەکەی و بەڵکو رۆڵی کاپتنیش لە نێو یاریگا دەبینی، چۆن ئەمە روویدا؟**

- رۆڵی سەرکردایەتی بەشێوەیەکی سرووشتی بوو، زۆریشم لەکەس نەکرد ئەم کارەم پێببەخشن، لاوەکان دەیانەوێ سوود لە بە تەمەن و خاوەن ئەزموونەکان وەربگرن و پێویستیان بە هاوکاری من و کاکا و لۆسیۆ هەیە، بێگومان بەرپرسیاریتیەکی قورسە و لە هەمان کاتیشدا شانازی و سەربەرزیە بۆ من.

*** بە پێچەوانی لۆسیۆ تۆ لەسەر یاریگا ئەم قسە دەکەی؟**

- نەخێر، بە پێچەوانەوە ئەوەی رۆڵی سەرکردایەتی ببینێ دەبێ زۆر قسە بکات، دوای تەواوبوونی هەر یارییەك دەبێ بەراستگۆیی قسە لەسەر یارییەکە بکەین و ئاستیان بەرزبکەینەوە.

*** ئەمجارە دەبێتە سێیەمین جار بەشداری لە کۆتاییەکانی جامی جیهانی بکەیت، دەکرێ بزانین لە رابردوو چ پەندو وانەیەکت وەرگرتووە؟**

- لە مۆندیالی ٢٠٠٢ هەریەك لە کافۆ و رۆناڵدۆ و رۆبەرتۆ کارلۆس رۆڵی سەرکرادیەتیان لە نێو یاریگا دەدیت، من بەخەون شوێن پەنجەی خۆم نەدەدیت لە نێو پێکهاتەی سەرەکی، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی خۆم لە هەموو یارییەکان بەشدارییم کرد، بە تایبەتی لە یاری کۆتاییشدا، لە ساڵی ٢٠٠٦ تاقیکردنەوەکە فرەوانتر بوو، سەرەتا لە پێکهاتەی سەرەکی نەبووم و دواتر توانیم شوێنی خۆم بکەمەوە و دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەو تیپە سەردەر و بندەرم کردووە و خۆشی و ناخۆشیم دیوە، لەوانە خۆشی بردنەوەی مۆندیالی ٢٠٠٢ و تاڵی مۆندیالی ٢٠٠٦ مان چێشت، کە تا ئێستا کاریگەری لەسەر هەموومان ماوە، بەڕاستی توانیمان وانە لە تاقیکردنەوەکانی پێشتر وەربگرین.

*** کەمێك باس لە چانسی سیلیساو بکەین لە کۆتاییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠، چۆن ئەنجامی تیروپیشکی کۆمەڵەی حەوتەم هەڵدەسەنگێنیت، کە لەگەڵ پورتوگال و کۆتیڤوار و کۆریا باکوور یاری دەکەن؟**

- گەر بێتۆ سەیری کۆمەڵەکانی ئینگڵتەڕە و ئیسپانیا بکەین دەبێ بڵێین، ئێمە لە کۆمەڵەی مردوین، دەبێ ئەوەش بزانین ئێمە رووبەڕووی زۆر ئاستەنگ و قورسی بوینەوە و تیایدا سەرکەوتوو بووین، ئێمە لە ئامادە باشیداین بۆ ئەم بەرەنگار بوونەوەش، لەگەڵ زۆر لە یاریزانەکانی پورتوگالی و ئیڤواری لە یانەی ئەرسنال یارییم کردووە، بە بەردەوامی کۆلۆ تۆرێ و ئیمانۆێل ئەبیۆ، وای بۆ دەچن و پێم دەڵێن ئێمە لە بەرازیل دەبینەوە، سەرەڕای ئەوەی رێزیکی تایبەتیان هەیە بۆ تیپەکەمان، بەڵێ لەجامی جیهانی هەموو تیپێك دەیەوێ لە بەرازیل بباتەوە.

*** لەم دواییەدا زۆر لە ئەستێرەکانی بەرازیل گەڕانەوە خاکی نیشتمانی خۆیان بۆ ئەوەی پێوەندی بە یانەکان بکەنەوە تا کۆتایی ژیانی وەرزشییان، دەکرێ بزانین رۆژێك دادێ بە درێسی ئەتلەتیکۆ مینیرۆ بیت ببینین؟**

- بە پێکەنینەوە گوتی: باشە، جارێ ساڵێك و نیو بۆندم لەگەڵ باناسینایکۆسی یۆنانی ماوە و دوای ئەم کاتە گۆڕانکارییەکان ئەنجام دەدرێ، یانەی ئەتلەتیکۆ مینیرۆ شوێنێکی تایبەتی لە دڵی مندا هەیە و بە بەردەوامی چاودێری ئەنجامەکانی دەکەم، من و بەرپرسانی یانە و جەماوەرەکەی رێزێکی تایبەتی یەکتر دەگرین و دەبێ پەلە نەکەین لە بڕیاردان تا بۆندەکەم لەگەڵ یانەی یۆنانی تەواو دەبێت.



ەوەی لە بەرازیل ببەنەوە

# ریال مەدرید بڕی ١٤٠ ملیۆن یۆرۆ دەداتە میسی

سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی فلۆرۆنتینۆ پێریس لە ئێستاوە لە هەوڵی هێنانی یاریزانی بە توانایە بۆ وەرزی داهاتوو بۆ ئەوەی بتوانێ زۆرترین نازناو کۆبکاتەوە، لەو یاریزانانەی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید چاوی تێبڕیوە، ئەستێرەی بەناوبانگی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لیونێل میسی-یە، کە بڕی ١٤٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ هێنانی تەرخانکردووە، میسی بۆندی تا ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە نوێکردۆتەوە و لە یەکێك لە بڕگەی بۆندەکان هاتووە، کە میسی ویستی بەرشلۆنە جێبهێڵێ دەبێ بڕی ٢٤٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەی بەرشلۆنە، جێگەی باسە میسی لە چەند بۆنەوە رایگەیاندووە، کە ژیانی وەرزشی لە یانەی بەرشلۆنە تەواو دەکات.






# یۆڤنتۆس ٤٠ ملیۆن یۆرۆ پێشکەش بە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دەکات

رۆژنامەی تۆتۆ سپۆرت-ی ئیتالی لە راپۆرتێکیدا ئاشکرای کرد، کە سەرۆکی نوێی یانەی یۆڤنتۆس ئەندریا ئەنجیلی ئامادەیە بۆندێك پێکشەش بە ئیبراهیمۆڤیچ بکات دوای ئەوەی سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە خوان لاپۆرتا ئاماژەی بە دەستبەرداری بوونی ئەم یاریزانە دا تاوەکو بتوانن بۆند لەگەڵ یاریزان دیڤید ڤیا مۆربکەن، هەرچەندە بەڕێوەبەری کارەکانی ئیبراهیمۆڤیج ئەم پڕوپاگەندانەی رەتکردووەتەوە.
رۆژنامەی تۆتۆ سپۆرت لە درێژەی راپۆرتەکەیدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە یانەی یۆڤنتۆس لە ٣٥ ملیۆن تاوەکو ٤٠ ملیۆن یۆرۆی تەرخان کردووە بۆ کڕینی یاریزانی ناوبراو، بەڵام زەحمەتە یانەی بەرشلۆنە بەم نرخە رازی بێت، چونکە لە وەرزی رابردوو ئیبراهیمۆڤیچ-ی بە بڕی ٤٥ ملیۆن یۆرۆ کڕی، لەگەڵ گۆڕینەوەی یاریزان ئیتۆ.

# رائول لە یانەی تۆتنهام نزیکە

دوای ئەوەی یانەی تۆنتهام توانی لە وەرزی ئەمساڵدا پلەی چوارەم بە دەست بهێنێت و سەرکەوێت بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ وەرزی داهاتوو، هاری ریدناب راهێنەری یانەکە هەوڵ دەدات بۆند لەگەڵ یاریزانێکی بە توانا مۆربکات بۆ ئەوەی بتوانن لە خولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئەنجامێکی باش بە دەست بهێنن، یەکێك لە یاریزانە پاڵێوراوەکان رائول گۆنزالیس یاریزانی یانەی ریال مەدریدە، کە ئێستا بۆندێکی بۆ ماوەی دوو ساڵ پێشکەش بە یاریزانی ناوبراو کردووە، بەڵام یانەی شاهانە چاوەڕوانی بۆندی زیاتر دەکات.






گوڵان
ژمارە (٧٨١)
٢٠١٠/٥/١٧

## برادەرەکەی ئەدریانۆ هۆکاری دوورخستنەوەیەتی لە مۆندیال

دوای ئەوەی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل دۆنگا پێکهاتەی هەڵبژاردەی بەرازیلی بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠ ئاشکراکرد، کە تیاییدا ناوی یاریزانی فلامنگۆ ئەدریانۆ لە پێکهاتەکە نەبوو، یاریزانی ناوبراو لە مەشقی ڕۆژانەی خۆیدا بە دەم پێکەنینەوە پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسان کرد، بەڵام لە نێو دڵی زۆر غەمبار بوو، لەمبارەیەوە دکتۆری دەروونی یانەی فلامنگۆ ریبیرۆ لە لێدوانێکی دا گوتی: ئەدریانۆ هەست بە ناخۆشیەکی زۆر دەکات، بەڵام لە مەشقی ڕۆژانەی ئاستێکی زۆر بەرزی پێشکەش کرد، ئەمەش جێگەی سەرسوڕمانی هەمووان بوو.



ریبیرۆ زیاتر گوتی: ئەدریانۆ خۆی بەرپرسە لە بەشدارینەکرنی لە مۆندیال بەهۆی ئەوەی زۆربەی شەوەکان لەگەڵ هاورێیەکی لە یانەی شەوان بوو و زۆربەی کاتەکان لەگەڵ ماتشادو بە ئاشکرا گفتوگۆیان بوو و چەندین جار بەشداری مەشقەکانی یانەکەی نەدەکرد، لە کۆتاییدا ریبیرۆ گوتی: دەبێ ئەدریانۆ زۆر شت لە ژیانی خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی بگەڕێتە ئاستی جارانی خۆی.
هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن دوای ئەوەی ئەدریانۆ گوێبیستی بەشدارینەکردنی لە مۆندیال بووە، بۆ ماوەیەکی زۆر گریاوە.

## بلیگرینی:
## دەمەوێ دوو مانگ سەیری بەرشلۆنە بکەم بەبێ میسی

راهێنەری یانەی ریال مەدرید بیلیگرین لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی مارکا گوتی: دەمەوەێ دوو مانگ سەیری بەرشلۆنە بکەم بەبێ یاریکردنی میسی.
بلیگرینی زیاتر گوتی: ڕۆناڵدۆ بۆ ماوەی دوو مانگ بەهۆی پێکان یاری لەگەڵ ریال مەدرید نەکرد، بەڵام لە سەرکەوتنەکانمان بەردەوام بووین، بەڵام ئەگەر هاتوو میسی تووشی پێکان هات ئەوە یانەی بەرشلۆنە چی دەکات.
لە کۆتاییدا بلیگرینی گوتی: ڕۆناڵدۆ یاریزانێکی زۆر بە توانایە، ئەو یانەیەی کە ڕۆناڵدۆ یاری بۆ بکات سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت، هەردەم لە یارییەکان ڕۆڵی باڵای هەبووە لە سەرکەوتنەکانی یانەی ریال مەدرید، بەڵام نابێت ماندوبوونی یاریزانەکانی تر لە یاد بکەین.




## خێزانی ئەشلی کۆڵ دەبێتە هاندەری ئەرژەنتین لە مۆندیال



ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرژەنتین لیونێل میسی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دیلی مۆر ئینگلیزی ڕایگەیاند، کەوا خێزانی ئەشلی کۆل دەبێتە هاندەری ئەرژەنتین لە مۆندیال، میسی گوتی: دوای ئەوەی شیریل کۆل خێزانی پێشووی یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە ئەشلی کۆڵ هانی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە نادات، بەڵکو دەبێتە هاندەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، چونکە شیریل کۆڵ بەهۆی یاریکردنی ئەشلی کۆڵ لە هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە حەز دەکات لە زۆربەی یارییەکان تووشی شکست بێن.
میسی زیاتر گوتی: ئەگەر هاتوو شیرێل کۆڵ هەول بدات بە دوای هەڵبژاردەیەك بگەڕێت بۆ ئەوەی لە مۆندیال هانی بدات، لە ئەرژەنتین باشتر نابینیتەوە، چونکە لە گشت یارییەکان ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکەن و یاریزانی زۆر جوان لەم هەڵبژاردەیە یاری دەکات، لە هەمووی گرنکتر پیاوی ئەرژەنتین زۆر ڕێز لە خێزانەکەی دەگرێت.
جێگەی باسە هۆکاری جیابوونەوەی ئەشلی کۆڵ و شیرێل کۆڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەشڵی کۆڵ خیانەتی لێکردووە.

مامۆستا سەڵاح یەكێكە لە وەرزشوانە دێرینەكانی كوردستان، دەرچووی كۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانكۆی بەغدایە لە ساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦. لە ساڵی ١٩٧٠ خاوەنی بڕوانامەی جیهانی لە فۆتبۆڵ بووە لە وڵاتی ئەڵمانیا، جگە لەوەی مامۆستای وەرزشی و بەڕێوەبەری چالاكی وەرزشی دیدەوانی هەولێر بووە، بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە كابینەی یەكەمی حكومەتی هەرێم، پەرتوكێكی لە بارەی فوتبۆڵ چاپكردووە، ئێستاش لێپرسراوی نوێنەرایەتیەكانە لە لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان و جێگری سەرۆكی لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستانە.



## سەڵاح حەسەن جێگری سەرۆكی لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان:

# حەزدەكەم كادیری وەرزشی خاوەن كەسایەتییەكی بە ئەزموون بێت

*** كاری لیژنەی ئۆلۆمپی لە كوردستان چییە؟**

- لیژنەی ئۆلۆمپی ئەداتێكی تەنفیزییەو سەرپەرشتی ٣٠ یەكێتی وەرزشی كوردستان دەكات بە یاری ئۆلۆمپی و جیا لە ئۆلۆمپییەكان، ئەندامانیان لە نێوان ٤ – ٦ – ٨ كەسی هەیە، چالاكییەكانی ئەو یارییە بەڕێوە دەبەن. توانیومانە لەسەر ئاستی زۆربەی ئەو یەكێتیانە لە ئاستی پێشكەوتووان و لاوان و تازە پێگەشتووان چالاكییان بۆ بكەین، لە ئاستی كچانیش جموجوڵمان هەیە، نووسینگەی ئافرەتانمان هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ یەكێتیە وەرزشییەكان ئەو یاریانە ئەنجام دەدەین، بە شانازییەوە زۆربەی یاریزانانی كوڕوكچی كوردستان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقدان، لە زۆربەی یارییەكاندا سێ ئەندامان لە یەكێتیەكانی عێراق سەرۆك یەكێتیەكانن، زۆر جێگرو ئەندامانیشمان هەیە، زیاتر لە ٢٥ یەكێتی وەرزشی ئەندامان هەیە، پێوەندییەكی باشمان هەیە لەگەڵ وەرزشی عێراق تاكو بتوانین پەرە بەو چالاكیانە بدەین.

*** تاكو ئێستا بەغدا ئێوە بە ناشەرعی دەزانن، ئایا هەڵوێستی ئێوە لەمبارەوە چییە؟**

- ئەو جۆرە قسانە بە راست نازانم. لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی هیچ كاتێك بڕیاری لەم جۆرەیان نەداوە كەوا ئێمە ناشەرعی بین، دواترین چاوپێكەوتنیش لەگەڵیان رۆژی ١ی ئەم مانگە بوو لەگەڵ رەعد حەمودی و چەند برادەرێكی تری لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی لە هەولێر سەیری پاڵەوانێتی رۆژئاوای ئاسیامان دەكرد لە یاری بۆكسێن، ئەوان گلەییان لە ئێمە دەكرد. كەوا ئێوە چیتان لە ئێمە داواكردووە كەوا ئێمە بۆتانمان جێبەجێ نەكردووە، ئێمە زۆر رێزی ئێوە دەگرین بە چاوێكی بەرز سەیرتان دەكەین هەرچیتان بوێت بۆ ئێمە قابیلی تاوتوێكردنەو ئەو قسانەی لەسەر ئێمە و ئێوە دەكرێت دوورە لە راستی، ئێمە راپۆرتمان داوەتە ئەوان و لەسەر هەماهەنگی كردنی یەكتری و بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانمان و چاوپێكەوتن بكەین لە كوردستان و لە بەغدا .

*** راستەوخۆ پێتان ناڵێن ئێوە ناشەرعین، بەڵكو بە ناڕاستەوخۆ پێتان دەڵێن؟**

- بەڵگەتان چییە كەوا بە ئێمەیان وتوە ئێوە ناشەرعین.

*** لە بەغدا لەمەڕ دوورخستنەوەی یانەكانی كوردستان لە پاڵەوانەتی ئاسیا، هەڵوێستی ئێوە هەرچەندە سەرەتا لیژنەی كاتیتان دامەزراندو ئێستاش یەكێتیە كۆنەكە هاتەوە، هەڵوێستی ئێوە لەمبارەوە؟**

- ئەوان لە هیچ دانیشتنێك بە ئێمەیان نەوتووە ئێوە ناشەرعین، بە پێچەوانەوە لە سلێمانی دانیشتنێكمان كرد. سەرۆكی لیژنەی ئۆلۆمپی خۆی ئامادەی كۆبوونەوەكەبوو، هەردوو یەكێتی كۆن و نوێ هاتبوون، پرۆژەیەكمان پێشكەشیان كردبوو بە تێرو تەسەلی تەوافوقی لەنێوان لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی و یەكێتی تۆپی پێی عێراقی كراو دەستخۆشیان لە ئێمە كرد. بەڵام لە بەغدا دەستێوەردانی حكومەت هەبوو، نەیانتوانی كارەكە ئەنجام بدەن. ئامۆژگاری ئێمە بۆ ئەوان ئەوە بوو بەبێ گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتی دەولی، گەڕانەوە بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی و یەكێتی تۆپی پێ، ئێوە ناتوانن هیچ هەنگاوێك بنێن، پەلەیان كرد لەدامەزراندنی ئەم یەكێتیە كاتییە، بەڵام بۆیان نەچووە سەر گەڕانەوە سەر قسەكەی ئێمە، ئێمە بەشانازیەوە ئەم پرۆژەمان پێشكەشی ئەوان كرد، بۆیە تەكید ئەكەمەوە كەوا لە هیچ ئەندامێك و هیچ كۆبوونەوەیەك ئەوان بە ئێمەیان نەوتووە كەوا ئێمە ناشەرعین.

*** كەواتە ئێوە شەرعین، ئەی بۆچی نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی شاری هەولێرتان هەڵوەشاندەوە؟**

- سێ ساڵ لەمەوبەر كە یەكمان گرتەوە، ئێمە لە سلێمانی كە لیژنەی ئۆلۆمپی هەبوو نوێنەرایەتیمان نەبوو، یەكێتیە وەرزشییەكان لەوێبوو هیچ پێویستی بە نوێنەرایەتی نەبوو، لێرە هەمان بیروڕامان پێشكەش كردو وتمان هەولێر پێوسیتی بەوە نییە، وتیان دەبێ هەبێت، لەبەر هەندێك بابەت وتمان بابمێنێ، هەموو كەسێك دەبێت سەیری پاشەڕۆژ بكات، ئەگەر

كارزان كانەبی





بە قوتابییان بڵێم خوێنکار و بە ئافرەت بڵێم ژن و بە لیژنەی ئۆڵۆمپی بڵێم ئەنجومەنی باڵای وەرزشی، گرنگ ئەویە کارەکەمان بڕوات بەڕێوە، ئەو برادەرانەی بیر لەوە دەکەنەوە چارەنووسی کورد چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی کۆمەڵایەتی بێننەوە سەر وەرزش، ئێمە کێشە دروست بکەین، شتێکی راست نییە، من بە کەمی نازانم، دەڵێم دەبێت پاشەڕۆژی کورد و وەرزش لەبەرچاو بگیرێت، مەسەلەی یانەی هەولێر کەوا دوورخرایەوە، زیانی بەرکەوت، ئەگەر ئەو برادەرانە دژی یانەی هەولێر بووانە، خۆ نەجەفیش بەشدار نەبوو، بەڵام ئەوکاتە لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقی لە ژێر فشار بوون و ئێستاش لە ژێر فشارن، بەڵام کارەکە لە رای گشتی لە ناو عێراق ئەبێت هەڵوێست پێشان بدەین.

*** لە هەڵوەشانەوەی نوێنەرایەتی هەولێر جەنابت لە دەرەوە بووی، ئەی چۆن ئەم بڕیارە واژۆ کرا؟**

- واژۆ نەکرا، تا لە ئەوروپا بووم گەڵاڵەی بیرۆکەکەمان کردبوو، من کە گەڕامەوە چووینە بواری گفتوگۆ لەگەڵ برادەران، لێت ناشارمەوە کۆمیتەی تەنفیزی بەکۆی گشتی ١١ کەس لەگەڵ ئەوە بوون کەوا نەمێنێت، بەڵام وەکو رای خۆم لەگەڵ ئەوەبووم کەوا بمێنێ، بەڵام ملکەچی بڕیاری کۆمیتەی تەنفیزیم.

*** راستە لە رۆژی جەژنی نەورۆز ئەندامانی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان هەر یەکەو بڕی یەك ملیۆن دیناریان وەرگرتووە؟**

- بەلێ

*** لەسەر چ بنەمایەك ئێوە ئەم پارەیەتان داوە بەئەندامان؟**

- کە ساڵ تەواو بوو چالاکی ماوەی سێ ساڵی ئەو ئەندامانە و ماندوبوونیان و دەوامکردنیان بە نیو مووچە، هەروەها پاداشت نەکردنیان لەم ماوەیەدا، بۆیە ئەم بڕە پارەیەمان پێدان.

*** هەست بە جیاوازی دەکرێت لە نێوان یەکێتیە وەرزشیەکان، هۆکاری ئەم جیاوازیە چییە؟**

- ئەوە کارێکی سروشتیە ئەو کەسانەی لە وەرزش نزیکن باش ئەزانن کە تۆپی پێ دەکەیت ژمارەی یاریزانان و دەستەی کارگێڕی و یانەکان زۆرن، بەڵام تێنس و شەترەنج و یارییەکانی تر ژمارەیان کەمە و چالاکیەکانیان کەمە، تۆپی پێ بە پلە یەك بودجەی باشە و دواتریش بالە و باسکە.

*** ئەندامتان هەیە چوار مانگە دەوام ناکات هۆکاری چییە؟**

- من وەکو سەڵاح حەز ناکەم پێکهاتەی ئۆڵۆمپی ببێتە پێکهاتەی پارت و نەتەوە، حەزدەکەم کادیری وەرزشی خاوەن کەسایەتی بێت، سەرکردەی وەرزش بێت، بەڵام باری کوردستان ئێستا هەر لە رووی هەموو سەندیکاو حزب و پەرلەمانی کوردستان و عێراقیش بە تەوافوقێکی سیاسی دانراوە، لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانیش وایە، هیوادارم لە داهاتوودا کەسی شایستە ببێتە سەرکردایەتی وەرزشی.

*** هەست ناکەی لەناو لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان دووئیدارەیی هەیە و تەوافوقی حزبییە؟**

- هەست بەوە ناکەم، دوو نموونە دەهێنم، ئەمینداری لیژنەی ئۆڵۆمپی کەوا لە لایەنێکی ترە بەرپرسە لە هەموو یەکێتیە وەرزشییەکانی کوردستان، بگرە هەر لە خانەقین و مەندەلی تاکو سنووری تورکیا بە یەك چاو سەیریان دەکات و بودجەیان بۆ دابین دەکات. من نوێنەرایەتی چوار پارێزگارم لە ژێر دەستە، هەموو کارەکانیان لە ژێر دەستی منە، ئەو حوکمەی بەسەر سلێمانی دەکەم بەسەر هەولێر و دهۆکیش دەکەم.

*** بۆچی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان مانگانە یەکجار دێتە کۆبوونەوەکان؟**

- ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی هەموو رۆژێ بێتە ئێرە ئەرك نییە فەرمانگەیەکی فەرمی نییە کارەکانی رۆژانە واژۆ بکات، فەرمانگە نییە وەکو پەروەردە و تەندروستی هەموو رۆژێك دەوام بکات، دەسەڵاتی هەیە داویەتی بەجێگرەکانی و ئەمینداری دارایی و ئەمینداری لیژنەی ئۆڵۆمپی و ئەندامانی بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان بکەن، چی پێویست بێت بە بڕیاری ئەو لە کۆبوونەوە گرنگەکان ئامادە دەبێت و بڕیاری خۆی دەدات.

*** بۆچی یەکێتیە وەرزشییەکانی عێراق لە هەولێر پاڵەوانەتیەکان ئەنجام دەدەن، ئایا لەبەر هۆکاری ئەوەیە کەوا پارەکە ئێوە دەیدەن؟**

- نەخێر خەڵك بە هەڵە چووە ئەگەر بزانێ ئێمە ١٠ فلسیش بەوان دەدەین، بەڵام ئێمە بۆکەسایەتی کوردستان نیوڕەۆخوانێکیان بۆساز دەکەین و هەندێك دیاری خۆمانیان پێشکەش دەکەین، ئەگەر نا هیچ پارەیەکیان پێ نادەین.

بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021 Email: sport@gulan-media.com